سەفین ئیدریس:

یاریزانی وشوکۆنفۆی یانەی پێشمەرگە

# تەنیا بە ناوی کوردستان لە پاڵەوانێتییەکان بەشداری دەکەم



دیمانە: کاروان کانەبی

*** چۆن ئەم یارییەت هەڵبژارد؟**

- هەر مرۆڤێك هیوا و خولیایەکی تایبەت بە خۆی هەیە، منیش وەکو هەموو کەسێك لە منداڵییەوە خولیام بۆ یاری وشوکۆنفۆ هەبووە، ئەوەش وای لێ کردم کە ببمە یاریزانی ئەم یارییە.

*** کێ بەهرەی تۆی دۆزییەوە و زیاتر کی هانیداویت؟**

- باوکی خۆشەویستم و ڕاهێنەرەکەم مامۆستا ئەحمەد ئیبراهیم زۆر هاندەری من بوون بۆ ئەوەی من لەم یارییە زیاتر دەربکەوم.

*** پێتوایە ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان لە چ ئاستێکە؟**

- بە بڕوای من لە کوردستان یاریزانی زۆر باشی تێدایە، بەڵام هیچ کەسێك نییە پەرەیان پێبدات، بۆ ئەوەی لە کوردستانیش زیاتر ئەم یارییە بەرەوپێش ببەن، پێویستە گرنگی باشتری پێبدەن بۆ ئەوەی ئەم یارییە زیاتر بەرەو پێش بچێت.

*** هەست ناکەی ئێستا یاریزانان کەم روو لەم یارییە شەڕانگیزانە دەکەن؟**

- بە پێچەوانەوە ئێمە لەم یارییە فێری شەڕ دەبین تاکو شەڕ نەکەین، فێری وەفاداری و دڵسۆزی و خۆشەویستی دەبین.

*** بۆچی لەگەڵ یانەی ئارارات بەردەوام نەبووی رووت لە یانەی پێشمەرگە کرد؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت، یانەی ئارارات وەکو پێویست نەیتوانی یارمەتی ئێمە بدات، بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بە ئاستی خۆم بدەم، بۆیە لە بری ئەوان یانەی پێشمەرگەی هەولێرم هەڵبژارد بۆ ئەوەی زیاتر بەرەو پێش بچین لەم یارییە.

*** گرفتی ئێوە لەم یارییە چییە؟**

- گرفتی ئێمە ئەوەیە لە کوردستان وەکو پێویست گرنگی بەم جۆرە یارییانە نادرێت، سەرەڕای ئەوەی یاریزانی زۆر باش و بەتوانای تێدایە و ئەنجامی باشیان هەیە لە ساڵی ٢٠١٤ من وەکو یاریزانی هەڵبژاردەی هەولێر بەشداری پاڵەوانێتیی بەلقانی ئەوروپام کرد و زۆربەی یاریزانەکانیش

**یاریی وشوكۆنفۆ یەكێكە لەو یاریانەی زیاتر هونەری جەنگ تێیدا بەرجەستە دەكرێت بۆیە یاریزانان بە زۆری روو لەم یارییە ناكەن، بەڵام شـــاری هەولێر هەموو كات بەوە بەناو بانگ بووە كە گرنگی بە یارییە تاكەكان دەدات و لەو بوارەدا چەندین یاریزانی پێگەیاندووە. یەكێك لە یاریزانە بەتواناكانی یاری وشوكۆنفۆی شارەكەش یاریزان (سەفین ئیدریس)ـە كە لەدایكبووی ساڵی ١٩٩٧ی شاری هەولێرە و یاریزانی یانەی پێشـــمەرگەی هەولێر و هەڵبژاردەی پارێزگای هەولێرە و لە ســـەر ئاستی ناوخۆی كوردســـتان و وڵاتانی دەرەوە چەندین ئەنجامی شایستەی بەدەست هێناوە. ئێمەش لە دەرەفەتێكدا چەند پرسیارێكمان ئاراستەی كرد و بە مشێوەیە وەڵامی دایەوە.**



پلەی یەكەممان بەدەســـت هێنا كە ١١وڵات بەشـــداربوون، بەڵام كە ئێمە هاتینەوە كوردســـتان كەس پێشـــوازی لێ نەكردین بۆ ئەوەی ســـوپاس و دەستخۆشیمان لێ بكات بۆ ئەم ئەنجام و دەســـتكەوتە گەورەیەی كە بۆ كوردستانمان بەدەست هێنا.

*** بۆ ئەوەی ئاســـتی ئەم یارییە زیاتر بەرەو پێش بچێت پێت باشە چی بكرێت؟**

- من وەكو یاریزانێك پێم باشە زیاتر پەرە بەم جۆرە یارییانە بدرێت، بۆ ئەوەی زیاتر بـــەرەو پێش بچێت زیاتر یاریزانان بەشداری پێبكەن لە پاڵەوانێتییە جیهانی و نێودەوڵەتییەكان بە ئاڵای كوردستانەوە بەشداربن، جگە لەوەش قوتابخانەی پێگەیاندنی ئەم یارییە بكرێتەوە لە شـــارەكان و هۆڵیان بۆ دابین بكرێت.

*** لە هەڵبژاردەی عێراق داواكراوی؟**

- من هیچ كاتێك لەگـــەڵ هەڵبژاردەی عێراق نەبووم و هیچ كاتیـــش ئامادە نیم لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق یاری بكەم، چونكە من كوردم تەنیا بە ناوی كوردستان بەشداری پاڵەوانێتییەكانم كردووەو ئامادەشم تەنیا بە ناوی كوردستان بەشداری بكەم.

*** وەكو یاریزانێك هیواو ئاواتت چییە ؟**

- هیوا و ئاواتم ئەوەیە بەشداری پاڵەوانێتیی جیهان بكەم بە ئاڵای كوردســـتانەوە بە ناوی كوردستان و ئەنجامێكی شایستەش بەدەست بهێنم.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووت چییە؟**

- لە ئێســـتادا بەرنامـــەی من ئەوەیە زیاتر بەشـــداری پاڵەوانێتییەكان بكەم و خۆیشم ئامادە دەكەم بۆ پاڵەوانێتیی زیاتر.

*** باشترین ئەنجامەكانت وەكو یاریزان چی بوون؟**

- لە پاڵەوانێتیی پارێزگای هەولێر پلەی یەكەمم بەدەست هێناوە، لەســـەر ئاستی كوردســـتانیش هەر پلەی یەكەمم بەدەســـتهێناوە، لە پاڵەوانێتییەكی جیهانی لە توركیا پلەی یەكەمم بەدەست هێنا، لە بەلقانی ئەوروپاش پلەی یەكەمم بەدەستهێناوە.

*** بۆ زیاتر بەرەو پێشـــبردنی ئـــەم یارییە داواكاریت بۆ لایەنی بەرپرس چییە؟**

- داواكاریـــم بۆ لایەنی بەرپرس ئەوەیە زیاتر گرنگی بەم یارییە بدەن، دەستخۆشی لەم یاریزانانە بكەن كە بەشداری پاڵەوانێتییەكانی ناوخۆ و دەرەوە دەكەن بۆ ئەوەی یاریزانەكان زیاتر بۆ ئەم یارییانە هان بدەن.

*** بە چ یاریزانێكی جیهانی زۆر سەرسامی؟**

- یاریزانی جیهانی بروســـلی كە ئێســـتا لە ژیان نەماوە یەكێكە لە ئەستێرە ناودارەكانی جیهان.

***ئەگەر لە كۆتاییدا شتێكت مابێت؟**

- بەهیـــوای ئەوەم زیاتر گرنگی بـــە یاریزانانی یارییە تاكەكان بدرێت لە كوردســـتان و ئێوەش وەكو راگەیاندنكار زیاتر خزمەتی یارییە تاكەكان بكەن.




# شەممەی داهاتوو..
# بەرشلۆنە و یۆڤانتس لەیاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ بەیەک دەگەن

کاتژمێر ٩,٤٥ی شەوی شەممەی داهاتوو ٢٠١٥/٦/٦ لەیاریگای ئۆلۆمپی لەشاری بەرلین یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا (چامپیۆنزلیگ ) ئەنجام دەدرێت و تێیدا هەردوو یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی و یۆڤانتسی ئیتالی بەیەك دەگەن، ئەم یارییە لەلایەن ناوبژیوانی تورکی جونێت شاکیر بەڕێوەدەچێت . لەم راپۆرتەدا چەند ئامارێك بۆ خوێنەرانی خۆشەویستمان دەخینە روو :

* ئەوە جاری هەشتەمە بەرشلۆنە دەگاتە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ، یانەی بەرشلۆنە چوار جار ئەم نازناوەی بەدەست هێناوە، لەساڵی ١٩٩٢ بەئەنجامی (١-٠) گۆڵ لەیانەی سامبەدۆریای بردەوە، لەساڵی ٢٠٠٦ بەئەنجامی (٢-١) گۆڵ لەیانەی ئەرسنالی ئینگلیزی بردەوە، لەساڵی ٢٠٠٩ بەئەنجامی (٢-٠) گۆڵ لەیانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی بردەوە، لەساڵی ٢٠١١ بەئەنجامی (٣-١) گۆڵ لەیانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی بردەوە، سێ جاریش لەیاری کۆتایی دۆڕاوە لەساڵانی ١٩٦١ و ١٩٨٦ و ١٩٩٤

* یانەی یۆڤانتس دوو جار ئەم نازناوەی بەدەست هێناوە، لەساڵی ١٩٨٤ بەئەنجامی (١-٠) گۆڵ لەیانەی لیڤەرپولی ئینگلیزی بردەوە، لەساڵی ١٩٩٦ لێدانی یەکلاکەرەوەی سزا لەیانەی ئەیاکس ئەمستردامی هۆڵەندی بردەوە، پێنج جاریش لەیاری کۆتایی دۆڕاوە لە ساڵانی ١٩٧٣ و ١٩٨٣ و ١٩٩٧ و ١٩٩٨ و ٢٠٠٣

* یانەی بەرشلۆنە لە وەرزی ٢٠١٤-٢٠١٥ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ١٢ یاری ئەنجام داوە لە ١٠ یاری سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و لە دوو یاری دۆڕاوەو هیچ یارییەك بەرامبەر نەبووە، یاریزانەکانی ٢٨ گۆڵیان تۆمارکردووە و ٩ گۆڵی لێ تۆمار کراوە.

* یانەی یۆڤانتس لە وەرزی ٢٠١٤-٢٠١٥ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ١٢ یاری ئەنجام داوە لە ٧ یاری سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و لە دوو یاری دۆڕاوەو لە ٣ یاری بەرامبەر بووە، یاریزانەکانی ١٦ گۆڵیان تۆمارکردووە و ٧ گۆڵی لێ تۆمار کراوە.

* گۆڵکەرانی یانەی بەرشلۆنە بریتین لە لیۆنیل میسی بەتۆمارکردنی ١٠ گۆڵ و نیمار داسیلڤا بەتۆمارکردنی ٩ گۆڵ و لویس سوارێز بەتۆمارکردنی ٦ گۆڵ.

* گۆڵکەرانی یانەی یۆڤانتس بریتین لە کارلۆس تیڤێز بەتۆمارکردنی ٧ گۆڵ و ئەلڤارۆ مۆراتا بەتۆمارکردنی ٤ گۆڵ

**دەستەی ناوبژیوانانی یاری کۆتایی**






# درۆگبا ماڵئاوایی لەیانەی چێلسی کرد

یاریزانـــی بەناویانگی هەڵبـــژاردەی کۆتدیڤوار دیدی درۆگبا هێرشـــبەری یانەی چێلسی ئینگلیزی بڕیاریدا واز لـــە یاریکردن بهێنێت لەگەڵ یانەی بلوز و لە وەرزی داهاتـــوو لەگەڵ یانەیەکی دیکە یـــاری بکات، درۆگبا لـــەدوای تەواوبوونـــی یارییەکانی ئـــەم وەرزەی خولی ئینگلتەرا بەماڵپەری فەرمی یانەکەی راگەیاندووە : حەز دەکەم وەرزێکی دیکە یاری تۆپی پێ بکەم، بۆ ئەوە زیاتر یاری بکەم پێویســـتە روو لەیانەیەکی دیکە بکەم، هەموو هاندەران دەزانن من چەند یانەی چێلســـیم خۆش دەوێت و هیوادارم لە داهاتوو جارێکی دیکە بگەڕێمەوە ئێرە .

راهێنەر مۆرینهۆ لە دوا یاری یانەی چێلسی بەرامبەر سەندەرلان وەك رێزلێنانێك بە درۆگبا یاری بەم یاریزانە کرد و ئەرکی کاپتنی پێســـپارد، دواتر لەخولەکی ٣٠دا دەری هێنا لە نێو چەپڵەرێزانی هاندەرانی یاریگای ســـتامفۆرد بریدج، لەدوای یارییەکـــەش درۆگبا لەگەڵ هاوڕێکانی جامی خولی ئینگلتەرای بەرزکردەوە .

شایانی باسە درۆگبا لەساڵی ٢٠٠٤ هاتە ریزی یانەی چێلســـی و بۆ ماوەی ٨ وەرز لـــەم یانەیە یاریکرد دواتر لەســـاڵی ٢٠١٢ پەیوەندی بەیانەی شـــەنگهای چینی کرد ئینجا چووە ریزەکانی یانەی گەلاتەســـەرای تورکی لەســـاڵی ٢٠١٤ جارێکی دیکە هاتەوە یانەی چێلســـی، لـــەم وەرزەدا درۆگبا چوار گۆڵی بـــۆ یانەی بلوز تۆمارکردووە .

یانەی چێلسی سوپاسی یاریزان درۆگبای کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست .






## ـــــــەک دەگەن


جونێت شاکیر – تورکیا ناوبژیوانی ناوەراست
بەهائەدین دۆران – تورکیا یاریدەدەری ناوبژیوانی یەکەم
تاریق ئۆنگۆن – تورکیا یاریدەدەری ناوبژیوانی دووەم
جۆناس ئەریکسۆن – سوید ناوبژیوانی چوارەم
حوسێن گۆجیك – تورکیا ناوبژیوانی هێڵی گۆڵ
بارش شەمشیك – تورکیا ناوبژیوانی هێڵی گۆڵ
موستەفا ئیمری – تورکیا یاریدەدەری ناوبژیوانی یەدەگ

### یاریگای ئۆلۆمپی لەبەرلین

ئەم یاریگایە لە ســـاڵی ١٩٣٦ دروستکراوە و لە ساڵی ٢٠٠٤ نۆژەن کراوەتەوە و میوانداری یاری کۆتایی مۆندیالی ٢٠٠٦ی کردووە، ژمارەی کورســـییەکانی ٧٤٢٢٨ کورســـییە، پانی ٦٦ مەترەو درێژی ١٠٥ مەترە

### پلیتەکانی یاری کۆتایی

یەکێتـــی تۆپی پێی ئەوروپا ٧٠٥٠٠ پلیتی بۆ یاری کۆتایی تەرخانکردووە، ٢٠٠٠٠ پلیت بۆ یانەی یۆڤانتس و ٢٠٠٠٠ پلیت بۆ یانەی بەرشـــلۆنە، ٦٠٠٠ پلیت لە رێگای ماڵپەڕی یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا دەفرۆشـــرێت، ٢٤٥٠٠ پلیت تایبەت دەبێت بە یەکێتی تۆپی پێی جیهانی و یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا.



# ڕۆژگار زرار لەچەند یانەی ئەورووپی گرێبەستی پێشکەش دەکرێ



دوای پێشکەشکردنی ئەو ئاستە بەرزەی لە خولی یانە پلە سێیەکانی وڵاتی نەمسا لەگەڵ یانەی (FavAC M) ڕۆژگار زرار کوڕە کوردی ئەستێرەی یانەکە لە ئێستادا بە هۆی بەرزیی ئاستی یاریکردنی چەندین گرێبەستی لە یانەکانی وڵاتی نەمسا و تورکیا پێشکەش کراوە، لە هەمان کاتیشدا یانەکەی خۆی داوای نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی لێ کردووە بۆ ئەوەی وەرزی داهاتووش لە خولی نەمسا یاری بۆ یانەکەی بکات، بەڵام ڕۆژگار تاکو ئێستا بڕیاری کۆتایی لەسەر چارەنووسی خۆی نەداوە کە ئایا چ بڕیارێك دەدات. لەم بارەشەوە ڕۆژگار زرار بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:

«من ئەم وەرزە لە ریزی یانەی (FavAC M) لە خولی پلە سێی نەمسا یاریم کردووە، لە خولەکەش ئاستی باشم پێشکەش کردووە، بۆیە یانەکەم داوای نوێکردنەوەی یاریکردنیان لێ کردووم، بۆ ئەوەی وەرزێکی تریش لەگەڵیان بەردەوام بم، جگە لەوەش پێنج گرێبەستم بۆ هاتووە لە هەریەك لە یانەکانی



(Elektra linie Wiener Simmering Wienerberg Ostbahn xl) لە خولی نەمسایە و لە خولی پلە دووی وڵاتی تورکیاش لە یانەی (Bucaspor) پێشنیاری گرێبەستم بۆ هاتووە کە کۆی ئەو گرێبەستانە شەش گرێبەستە، سەرجەم گرێبەستەکانیشم ڕاگرتووە و ئەوەم پێیان ڕاگەیاندووە کە من جارێك لە کاتی بیرکردنەوەم و هیچ بڕیارێکم لەسەر چارەنووسی خۆم نەداوە». لە بارەی هاتنەوەشی بۆ کوردستان و یاریکردنی بۆ یانەیەکی کوردستان، ڕۆژگار گوتی:

«ئەگەر گرێبەستێکی باشترم بۆ بێت لەم گرێبەستانەی وڵاتی نەمسا و تورکیا بۆم هاتووە زۆر ئاساییە کە بێمە کوردستان و یاری بۆ یانەیەکی وڵاتەکەم بکەم، منیش حەز دەکەم لە کوردستان یاری بکەم، بەڵام کە گرێبەستێکی باش نەبێت، ئەو کات من بیر لە شوێنی تر دەکەمەوە، خولەکانی ئەورووپاش هەمووی خولی بەهێزن و یاریزانان حەز دەکەن ئاستی بەرز پێشکەش بکەن و خۆیان لە خولەکانی تر بدۆزنەوە، بەهیوای ئەوەشم بتوانم وەکو کوڕە کوردێك باشترین ئاست پێشکەش بکەم و ناوی خۆم و کوردستانیش بەرز بکەمەوە.



# یانەی پێشمەرگەی سلێمانی گۆڕانکاری دەکات



یانەی پێشمەرگەی سلێمانی لە مێژووی خۆیدا دووچاری ڕووداوێکی نەخوازراو بوو کە ئەویش دابەزینی یانەکە بوو بۆ خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، هەرچەندە ئەو یانەیە کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە ریزی دەستەی ڕاهێنەران و چەند یاریزانێك کرد، بەڵام ئەمانە نەبوونە فریادڕەس بۆ رزگاربوونی لە قەیرانی دابەزین، بۆیە لە وەرزی داهاتوو دەبێت لە سەرەتاوە دەست پێبکات بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بگاتەوە خولی نایابی کوردستان. لەبارەی گۆڕانکارییەکانی یانەکەش میران محەمەد بەرپرسی راگەیاندنی یانەی وەرزشی پێشمەرگەی سلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دوای ئەوەی ئێمە لەم وەزرە تیپەکەمان دابەزی بۆ خولی پلە یەکی کوردستان، بۆیە دەستەی کارگێڕی یانەکەمان کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا و بڕیاری دا بە مانەوەی سەردار سالحی ڕاهێنەری یانەکە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە مەشقدانەوەی یانەکە و لە ئێستاوە بەرنامەیەکی تۆکمە دابڕێژێت و بتوانێ یانەکە سەر لەنوێ رێك بخاتەوە و بتوانێ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بگەڕێنێتەوە خولی نایابی کوردستان»، لەبارەی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی یانەکەش میران گوتی: «ڕاهێنەر بەڵێنی ئەوەی داوە گۆڕانکاری لە ریزی پێکهاتەی یانەکەشمان بکات بۆ ئەوەی تیپێکی نوێ دابنێت و بتوانێ ئاستی تیپەکە بەرز بکاتەوە سەد لە سەدیش گۆڕانکاری دەکەین، دەستەی کارگێڕیش پاڵپشتی دەکەن بۆ ئەوەی بتوانێ ئاستی یانەی پێشمەرگە بگەڕێتەوە دۆخی جارانی خۆی»، لە بارەی دەست پێکردنەوەی مەشقەکانیش ناوبراو گوتی: «ڕاهێنەر بڕیاری ئەوە داوە لەسەرەتای ئەم مانگە دەست بە کۆکردنەوەی یاریزانان بکات و تیپەکە بە شێوەیەکی باشتر دەربکەوین، ئەگەر پێویستیش بکات ئەوە پشت بەتواناکانی یاریزانانی پیشگەریش دەبەستین بۆ ئەوەی هەرچی لە توانامان بێت ئەنجامی بدەین، تەنیا بۆ ئەوەی یانەکە لەم قۆناغە خۆی رزگار بکات و سەربکەوینەوە بۆ ریزی یانە نایابەکان، ئەویش بەهیمەتی هەموو لایەك بەیەکەوە دەکرێت».

## ماوەی پێنج مانگە پارائۆلۆمپیی کوردستان بێ بودجەیە

هەر چەندە سالانە لیژنەی پارائۆلۆمپی لە هەرێمی کوردستان چەندین پاڵەوانێتیی بۆ تیپە جۆراوجۆرەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە شارەکانی کوردستان ئەنجامدەدا، بەڵام بە پێچەوانەی ساڵی ڕابردوو تاکو ئێستا ئەم لیژنەیەك ئەمساڵ هیچ چالاکییەك و پاڵەوانێتییەکی بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت ئەنجام نەداوە. هۆکاری ئەنجامدانی پاڵەوانێتییەکانیش بۆ نەبوونی بودجەی پێویست دەگەڕێتەوە کە ماوەی پێنج مانگە لیژنەکە هیچ بڕە پارەیەکی وەکو بودجە وەرنەگرتووە. لە هەمان کاتیشدا چاوەڕوانی ئەوەیە وەزارەتی دارایی ڕەزامەندی دەربڕێ بۆ ئەوەی بڕە پارەیەکیان بۆ سەرف بکرێت و دەست بە ئەنجامدانی چالاکی بکەنەوە. هەر لەو بارەیەوە زاهیر رەشید سەرۆکی لیژنەی پارائۆلۆمپیی هەرێمی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەوەی ڕاستی بێت ئێمە ناتوانین هیچ چالاکییەك ئەنجام بدەین، چونکە لە ساڵی ٢٠١٥ هیچ بڕە پارەیەکەمان وەرنەگرتووە وەکو لیژنەی پارائۆلۆمپیی هەرێمی کوردستان تەنیا ئەو پارانەمان تەسفیە کردووە کە لە ساڵی ٢٠١٤ وەرمان گرتبوو، ئێستا ئێمە لە چاوەڕوانی ئەوەین بزانین وەزارەتی دارایی چیمان پێ دەدات بۆ ئەوەی ئێمەش دەست بە ئەنجامدانی پاڵەوانیتی بکەین، بەڵام ئەوەش دیار نییە کە کەی هاوکاریمان دەکات، هەرچەندە حکومەت هەموو بڕە پارەیەکی سەنتەر و ڕێکخراوەکانی و سەندیکاکانی بڕیوە». لە بارەی ئەنجامدانی پاڵەوانێتی بۆ خاوەن پێداویستی تایبەتیش، زاهیر گوتی: «لەگەڵ چەند ئەندام پەرلەمان قسەمان کردووە بۆ ئەوەی وەزارەتی دارایی بەم بڕیارەی بچێتەوە، چونکە ئێمە وەکو وەرزشکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت لێی زەرەرمەند بووین، ئەوەش نارەزایی وەرزشکارانی لێ کەوتۆتەوە، ئەوانیش بەڵێنی ئەوەیان داوە بەداواداچوون بۆ ئەم گرفتە بکەن، بەڵام ئەوانیش دیار نییە کە چییان بۆ ئێمە کردووە»، گوتیشی: «ئێمە ساڵانی ڕابردوو چەندین پاڵەوانێتیمان ئەنجامدەدا بۆ وەرزشکارانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان بۆ ئەوەی زیاتر لە خەمەکانیان کەم بکەینەوە، کەچی ئەمساڵ ماوەی زیاتر لە پێنج مانگە ئێمە وا دانیشتووین و هیچ پاڵەوانێتی و چالاکییەکمان نییە، بە هیوای ئەوەشین پارەکەمان بگەڕێننەوە بۆ ئەوەی دەست بە خزمەتکردن بکەینەوە».